ئایا هیچ ڕۆژێکت بەسەردا هاتووە ناڕەحەتتر لە ڕۆژی (جەنگی) ئوحود؟ فەرمووی: زۆر ناڕەحەتی وئازارم بینی بە دەستی قەومەکەت؛ ناڕەحەتترینی ئەوەی بەرامبەر من کردیان لە ڕۆژی عەقەبە بوو

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: بە پێغەمبەری ووت -صلى الله عليه وسلم- : «ئایا هیچ ڕۆژێکت بەسەردا هاتووە ناڕەحەتتر لە ڕۆژی (جەنگی) ئوحود؟ فەرمووی: «زۆر ناڕەحەتی وئازارم بینی بە دەستی قەومەکەت؛ ناڕەحەتترینی ئەوەی بەرامبەر من کردیان لە ڕۆژی عەقەبە بوو، کاتێک (بانگەوازەکەم:بانگەوازی ئیسلامم) پیشاندا بە ئیبن عەبدیالیل کوڕی عەبدکولال، وەڵامی نەدامەوە بۆئەوەی ویستم، بۆیە دەرچووم وبە خەفەت وناڕەحەتیەکی زۆرەوە (بەشێوەیەک نەمدەزانی بەرەو کوێ دەچم)، ئاگام لێنەبوو هەتاوەکو گەیشتم بە قەرنی سەعالیب (قَرْنِ الثَّعَالِبِ)، سەرم بەرزکردەوە، هەورێک سێبەری بۆم دروستکردبوو، سەیرم کرد جبریل -علیه السلام- بانگمی کرد، فەرمووی: «خوای گەورە قسەی قەومەکەتی بەرامبەر بە تۆ بیست، وئەو ڕەتکردنەوە ونکۆڵی کردنەیانیشی بەرامبەر بە تۆ بیست، وفریشتەی شاخەکانی ناردووە بۆئەوەی فەرمانی پێبکەیت لەسەریان بەهەرشتێک بتەوێت، فریشتەی شاخەکان بانگمی کرد، وسەلامی لێکردم، وپاشان فەرمووی: «ئەی موحەمەد، خوای گەورە قسەی قەومەکەتی بەرامبەر بە تۆ بیست، ومن فریشتەی شاخەکانم، وپەروەردگارم منی ناردووە؛ بۆئەوەی بە فەرمانی خۆت فەرمانم پێبکەیت، هەرشتێک بتەوێت، ئەگەر بتەوێت دوو شاخەکە* دەدەم بە یەکتردا (بۆئەوەی لە نێویدا تیا بچن)». *(دوو شاخەکە: کە لە بەرامبەر یەکن وئەوان لە نێویدا دەژین)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک عائیشە پرسیاری لێیکرد: ئایا هیچ ڕۆژێکت بەسەردا هاتووە ناڕەحەتتر لە ڕۆژی (جەنگی) ئوحود؟ ئەویش فەرمووی: بەڵێ، وباسی ڕۆیشتنی بۆ تائیفی کرد؛ چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک بانگەوازی قورەیشی کرد لە مەککە، وەڵامی بانگەوازەکەیان نەدایەوە بۆ چوو بەرەوە تائیف؛ بۆئەوەی وتەی خوای گەورە بگەیەنێت وبانگەوازی خەڵکی تائیفی کرد بەڵام لە خەڵکی مەککە خراپتر بوون، بەڵکو بەردیان تێگرت هەتاوەکو پاژنەی پێی خوێنی لێدەهات، کاتێک بانگەوازی ئیسلامی پیشاندا بە ئیبن عەبدیالیل کوڕی عەبدکولال کە یەکێک بوو لە کەسە ناودارەکانی هۆزی سەقیف لە تائیف، بەڵام وەڵامی نەدایەوە، بۆیە دەرچوو وبە خەفەت وناڕەحەتیەکی زۆرەوە بەشێوەیەک نەیدەزانی بەرەو کوێ دەچێت، ئاگای لێنەبوو هەتاوەکو گەیشت بە قەرنی سەعالیب (قَرْنِ الثَّعَالِبِ)، هەورێک سێبەری بۆی دروستکرد، جبریل -علیه السلام- بانگی کرد، فەرمووی: خوای گەورە فریشتەی شاخەکانی ناردووە سەلامت لێدەکات وتۆیش سەلامی لێبکە وئەویش (فریشتەی شاخەکان) فەرمووی: پەروەردگارم منی ناردووە بۆ لای تۆ بۆئەوەی فەرمانم پێبکەیت لەسەریان بەهەرشتێک بتەوێت، ئەگەر بتەوێت دوو شاخەکە* دەدەم بە یەکتردا بۆئەوەی لە نێویدا تیا بچن، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەهۆی ئارامی و لەسەرخۆیی بوونی ودووربینی لەم بانگەوازەدا فەرمووی: نەخێر، چونکە ئەگەر فریشتەکە ئەوە جێبەجێ بکات هەموویان تیادەچن ودەمرن، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (بل أرجو أن يخرج الله من أصلابهم من يعبد الله وحده لا يشرك به شيئاً) [متفق عليه] واتە: (بەڵکو هیوام ئەوەیە خوای گەورە لە نەوەکانیان کەسانێک دەربهێنێت کە بە تەنها خوای گەورە بپەرستن وهیچ شەریک وهاوبەشێکی بۆ بڕیار نەدەن). وئەمە ڕوویدا؛ خوای گەورە لە نەوەی ئەو موشریکانەی کە ئازاری پێغەمبەریان دا -صلى الله عليه وسلم- کەسانێکی دەرهێنا کە خوای گەورەیان بە تەنها دەپەرست وهیچ شەریک وهاوبەشێکی بۆ خوای گەورە بڕیار نەدا و بوون بە سەرخەران وپشتیوانانی ئاینی ئیسلام.

(*دوو شاخەکە: کە لە بەرامبەر یەکن وئەوان لە نێویدا دەژین)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6406

